# کورد و کۆمەڵگەی مەدەنی

## کامەران مەنتك
kamaranmantik@yahoo. co. uk

– بۆ دیاریکردني بنەماکاني کۆمەڵگەي مەدەني، یاخود بەشێوەیەکي گشتي بۆ باسکردن و هەڵوەستەکردن لەسەر کۆمەڵگەي مەدەني، پێویستە بەر لەهەموو شتێك بزانین لە چ چەمك و روانگەیەکەوە دەمانەوێ سەیري کۆمەڵگەي مەدەني بکەین. بۆ وێنە ئەگەر لەچەمکە ژیاریەکەیەوە بێت، ئەوا کۆمەڵگەي مەدەني بەو کۆمەڵگە شارنشینە دەگوترێت، کە شێوازو مامەڵەکردنیان، جیا لەشێوازێکي کشتوکاڵییە. واتە ئەو کۆمەڵگەیە مەرج نیە لەسەر بەرهەمهێناني راستەوخۆدا بژێت، بەڵکو کارگێرِیەتي و دامودەزگاکاني سستمي سیاسي تیادا بەرِێوەدەچێت. هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین گریکە کۆنەکان، جیاوازیان کردووە لەنێوان شار، وەك باڵەخانەو خانوو ئەپارتمانەکان. لەگەڵ مەدینە. واتە ئەو جۆرە کاروبارانەي لەناو شارەکاندا ئەنجام دەدرێت. جا ئەو کۆمەڵگەیەي ئەم جۆرە کاروبارانە ئەنجام دەدات، پێی دەگوترێت کۆمەڵگەي مەدەني. کۆمەڵگەي مەدەني لەروانگە فەلسەفییەکەیەوە وەك "هیگڵ" لەکتێبەکەي بنەماکاني فەلسەفەي ماف باسي دەکات. گۆرِان لە پێویستیەکان، کۆمەڵگەي مەدەني دروست دەکات، بۆیە بنەماي کۆمەڵگەي مەدەني، یاخود چرکەکاني کۆمەڵگەي مەدەني لاي ئەو، بریتیە لە سیستەمي هەماهەنگیکردني پێویستەکان ودادرِاویي و پۆلیس و سەندیکاکان. کە ئەمانە هەریەکەیان تەواوکەري ئەوەي بەر لەخۆیەتي، بەشێوەیەکي تۆکمە بەیەکتر بەستراون، کە لێرەدا بواري ئەوەمان نابێت بەدرێژي باسیان لێوەبکەین، کە چي ئەگەر لەروانگەي زانستە سیاسیەکان و زانستي سۆسیۆلۆژیاي سیاسیەوە سەیري بنەماکاني کۆمەڵگەي مەدەني بکەین. دەبینن بنەما سیاسي و ئابوري و ئایدیۆلۆژي و یاساییەکان دەگرێتەوە. واتە کۆمەڵگەي مەدەني لەسەر هەریەکێك لەم یەکانە پێکدێت، وەك یەکەي تاك بەتەنیاو وەکو کۆگەلێکیش بەیەکەوە، مەبەست لەبنەما ئابوریيەکە بووني ئابوري تایبەتمەندو بازارِي ئازادە، بنەما سیاسیەکەش ئەو چوارچێوەیە سیستەماتیکیکەیە کە رەفتارەکانیان رێکدەخات و کۆمەڵێك مافي سەرەکي بۆ هاولاّتیان دابین دەکات. واتە بووني زەمینەیەك، یاخود سیستەمێکي دیموکراتیە کە خەڵك تێیدا تا رادەیەکي لەبار، ئازادانە بیرورِاکاني خۆیان دەردەبرِن و مافەکاني خۆیان پیادە بکەن. لەپاڵ ئەمەدا دەبێت باڵە سیاسیەکاني ئەم کۆمەڵگەیە هەڵگري ئایدیۆلۆژیایەکي وابن کە بەندبێت لەسەر بنەماي لەیەکتر گەیشتن و قبوڵکردني راي بەرامبەر. کۆمەڵگەیەك ناتوانێ بگاتە ئاست و پێویستیەکانی قۆناغێکي مەدەني کەچەند ئایدیۆلۆژیایەکي توندرِەو دژ بەیەکي تیایدابێت و تاکە زماني گفتوگۆو لەیەك حاڵي بوونیشان، تەنها هێزو بەکارهێناني چەك بێت! کە ئەمانە هەموویان هاتنە ئارا. دەبێت یاسایەکي پێشکەوتووش هەبێت، بتوانێت بەشێوەیەکي گونجاو هاوسەنگیەك بێنێتەدي لەنێوان خەونەکاني تاك و کۆمەڵگە، یاخود لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. واتە یاسایەك رەنگدانەوەي سەردەمەکەي خۆي بێت و بتوانێ هاوسەنگیەکي شایستە بێنێتەدي لەنێوان ئازادیەکاني تاك و پێویستیە بنەرِەتیەکاني کۆمەڵگە. کێشەي هێنانەوەي ئەم هاوسەنگییە، کێشەیەکي یەکجار گرنگ و ترسناکەو لەگەڵ هاتنەناوەوەي مرۆڤ بۆ کۆمەڵگە، لەگەڵیاندا دەژي و بەردەوامە، واتە هەوڵدان بۆ هێنانەدي ئەم هاوسەنگیەیە، رێك تەریبە لەگەڵ تەمەني کۆمەڵگەي مرۆڤایەتي، ئەگەر چي ئەو بنەمایانە هەموویان بەشێوەیەکي ئاڵۆز، تێکەلآو ئاوێتەي یەکترن، وەلێ ئەم بنەمایەی دوایي، واتە یاساکەو هێنانەدي هاوسەنگییەکە، گرنگي لەهەموو پێوەرەکاني تر زێترە. بەتایبەتي لەسەردەمي ئەمرِۆماندا، کە چەمکە یاساییەکان گۆرِان و یاسا لەجیاتي ئەوەي تەنها باري ئێستا، واتە باري لەئارادابوو رێکبخات، هەوڵدەدات، لایەنە ئەندێشەیي و بۆچوونەکان بۆ دوارۆژ پیادە بکات، ببێتە بەرنامەي کاري سیاسي حزبەکان و ئەوان کار بۆهێنانەدي بکەن لەئایندەدا. . بەو پێیە دەتوانین بڵێین: ئەگەر لەگۆشەنیگاي چۆنیەتي رێکخستني رەفتارەکاني مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگاوە سەیري کۆمەڵگەي مەدەني بکەین، ئەوە لەگۆشەنیگاکاني تر وردترو وشیارانەتر تایبەتمەندیەکاني کۆمەڵگەي مەدەنیمان بۆ بەدیاردەکەوێت.

– دەربارەي هەردوو چەمکي کۆمەڵگەي مەدەني و کۆمەڵگەي شارستاني. ئەوا دوو واتاو چەمکي جیاوازن. هەرچەندە زۆرجارانیش وەك ئاوەڵ واتەیەك بۆ یەکتر بەکاردەهێنرێت، کە ئەمەیان دەبێتە سۆنگەی هێنانە ئاراي جۆرە تێکەڵیەك. کۆمەڵگەي مەدەني وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر بەهەر یەکێك لەو روانگانەي سەرەوەدا سەیرمان کرد. پێویست بەوە دەکات چەند پێوەرو

www.kurdistannet.org

بنەمایەكي تیادا ڕەچاو بكریێت، هەرچي كۆمەڵگەي شارستانیە، ئەو كۆمەڵگەیەیە قۆناغي كشتوكاڵي بڕیوەو نیشتەجێي شارەكانە. شار بەچەمكە ئابوري و پیشەسازییەكەوە ! ئەمەیان ئەگەر لەروانگە سۆسیۆلۆژیەكەیەوە سەیري بكەین. هەرچي لەروانگە فەلسەفیەكەیەوە، ئەگەر بەواتا فراوان و بەربلاّوەكەوە سەیري شارســــتاني بكەین، ئەوكاتە مەدەنیەت بەقۆناغێك لەقۆناغەكاني شارستانیەت دەژمێردریێت. بۆ وێنە یەكێكي وەكو (ئارنولد تۆینبی) ئەو قۆناغەي شارستانیەتي تیادا دەگاتە ترۆپك و ناتوانێ لەمەیان ئیتر بۆپێشەوە بڕوات. بۆ ماوەیەك لەسەر ترۆپكەكەدا راستەڕێ دەڕوات، تا وەكو لەدواییدا بەرەو خوارەوە واژي دەبێتەوەو تەمەني بەسەر دەچێت. واتە ئەو شارستانیەتە، پەیماني مێژوویي تەواو دەبێت و دەبێتە بنەمایەك بۆ شارستانیەتیەكي نوێ، جا ئەو ماوەیەي كەلەسەر ترۆپكەكەدا راستەڕێ دەڕوات، لەفەرهەنگي تۆینبیدا ! پێي دەگوترێت مەدەنیەت. كەچي لە فەلسەفەي سیاسي نوێدا، زۆرجاران مەدەنیەت لەبري قۆناغێك لەقۆناغەكاني پێشكەوتني كۆمەڵگەي مرۆڤایەتي بەكاردەهێنریێت. بۆ وێنە تاڤلەریەكان قۆناغي كشتوكاڵي، بە قۆناغي یەكەم، یاخود شەپۆلی یەكەمي مەدەنیەت لەقەڵەم دەدەن، بەهەمان چەشن سەردەمي پیشەسازیش بە مەدەنیەتي دوەم و دوا شەپۆلیش، ئەلكترۆني، بەشەپۆلي سێیەم دەژمێرن. لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین راڤەكردني مەدەنیەت جۆرە شێوازێكي تر وەردەگرێت، كە زێتر لەواتا فراوانەكەي شارستانیەت، لەچەمكي ماتریالیەكەي نزیكە، واتە دابەشكردني قۆناغەكاني مێژوو لەسەر بنەماي شێوازي ئامرازەكاني بەرهەم هێنانەوە.

– دەربارەي پەیوەندي نێوان سیستەمي نوێي جیهان و كۆمەڵگەي مەدەني ! ئەوە هەمدیس دەبێ لەچەند روانگەیەكەوە لێي بڕوانین، ئەگەر لەسیستەمي نوێي جیهان مەبەستمان چەكە سیاسیەكەي بێت، كە لەدواي نەوەدەكانەوە بۆشي باوك رایگەیاند، ئەوا بەپێي دابەشكردني تاڤلەرەوە، دەكەوێتە دوو توێي شەپۆلی ســێیەمي مەدەنیەتەوە، ئەگەر لەرووي پێشكەوتنەكاني شێوازي ئامرازەكاني بەرهەم هێنانەوەش سەیري بكەین، ئەوا دواي جەنگي جیهاني دووەم، بەشێوەیەكي وردتر لەكۆتایي پەنجاكاني سەدەي بیستەمدا دەست پێدەكا، كەواتە دەتوانین بڵێین سیستەمي نوێي جیهان رەنگدانەوەیەكە بۆ قۆناغێكي نوێي مەدەني تر لەتەمەني كۆمەڵگەي مرۆڤایەتیدا. بەلآم سـەبارەت بەهاوكۆكبوون لەنێوان مەدەنیەتي نوێ و سیاسەتي نوێي جیهان. ئەوا دووبابەتي جیان. لەبەر ئەوەي یەكەمیان بەشێوەیەكي راستەوخۆ پەیوەندییان بە بنەما كۆمەلآیەتیەكەوە هەیە. دوەمیان پەیوەندي بەسیاسەتەوە هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، مەدەنیەتي نوێش وەكو هەموو قۆناغەكاني تر دروشم و بانگەشەي خۆی هەیە، كەبەشێوەیەكي گشتی سیمایەكي سیاسیانە بەخۆوە دەگرن. كە هەمان ئەو دروشمانە لەلایەن سیستەمي نوێي جیهانەوە وەكو ئامرازێك بەكار دەهێنریێت لەپێناو وەدیهێناني مەبەستە سیاسیەكاندا. بۆ وێنە: دەبینین ولآتە یەكگرتووەكاني ئەمەریكا، دروشمي مافەكاني مرۆڤي كردۆتە ئامرازێك بۆ خۆتێهەڵقورتاندني لەكاروباري دەوڵەتان و گۆڕیني نەخشەي سیاسي جیهان، ئەمەش ئەو راستەقینەیە روون دەكاتەوە، هەر سیستەمێكي كۆمەلآیەتي، ئابوري، سیاسي كە ئەمانە هەموویان پەیوەندییەكي ئۆرگانیكي بەیەكەوەیان دەبەستێتیەوە، كاتێك لەقۆناغێك بۆ قۆناغێكي تر دەپەڕنەوە، گۆڕان لەهەموو بوارەكاني ژیاندا لەگەڵ خۆیان دێننەئارا. ئەمانەش كاریگەري راستەوخۆیان لەسەر رەفتارو جۆري بیركردنەوەي مرۆڤەكانەوە هەیە، هەر ئەمەش وادەكات كاتێك مرۆڤ دەڕوانێتە رووداو گۆڕانكاریەكاني دەوروبەري پێویستە لەگۆشەنیگایەك زێتر بۆ مەسەلەكان بڕوانین، تا بۆچوونێكي سەرتاپاگیرو كۆگەلی لا گەلآلە بێت. بەشێوەیەك بتوانێ هەموو لایەنەكان بابەت هەزم بكات و بواری فەرامۆشكردن كەم بكاتەوە. هەر لەو روانگەیەشەوە كاتێك باس لە كۆمەڵگەي مەدەني دەكەین، راست نیە !!! بەتەنیا لایەنە تەكنۆلۆژیەكە (بەواتا فراوانەكەیەوە) ، یاخود لایەنە هزریەكە وەربگرین. ئەگەر وا بێتە بەرچاو ئاستي پێشــكەوتنەكاني كۆمەڵگە رەنگدانەوەي ئەم لایەن، یاخود ئەو لایەنیانە. بۆ وێنە وابزانین بەمەدەني بووني كۆمەڵگە بەتەنیا پەیوستە بەلایەني ئەقڵي مرۆڤەوە. كاتێك ئەقڵي مرۆڤ دەگاتە قۆناغێكي دیاریكراو لەپێشكەوتن و جۆرە مەراسیمێك و شێوازێكي تایبەت لەژیاني خۆي پەیدا دەكات، پێي بگوترێت مەدەني، یاخود كۆمەڵگە بگاتە ئاستێكي دیاریكراوي تەكنۆلۆژي و پێي بگوترێت كۆمەڵگەیەكي مەدەني، چونكە ئەمانە، واتە لایەنە تەكنۆلۆژي و ئەقڵیە كە بەشێوەیەكي تۆكمە بەیەكەوە بەندن و وەك دوو رووی یەك دراون. رەنگ بێت دابڕین لەیەكترو جوێكردنەوەیان هیچ واتایەك بۆ چەمكي كۆمەڵگەي مەدەني نەهێڵێتەوە، بەم چەشنە دەگەینە ئەو دەرەنجامە ئاساییەي كە هەر قۆناغێك لە قۆناغەكاني كۆمەڵگەي مرۆڤایەتي جۆرە تەكنۆلۆژیاو جۆرە بیركردنەوەیەكي تایبەت بەخۆي هەیە. كە جیاوازە لە قۆناغەكاني تر لەكاتي ئێستاماندا، كە لەسەرەتاي قۆناغەكاني مەدەنیەتێكي نوێ دەژین و كۆمەڵگەي مرۆڤایەتي وا خەریكە لە قۆناغێكەوە بۆ

قۆناغێكي دي وەردەچەرخێ، دەبینین هەموو شتەكان زۆر خێرا لەگۆڕاندان. رەوشت، داب و نەریت، یاسا، شێوازی بیركردنەوە، لایەنە سایكۆلۆژیەكان. هەمووي لەگۆڕاندان. شێوازێكي تری ژیان لەرێگەدایە كەزۆر جیاوازە لەشێوازي ژیاني پێش چەند ساڵێكي كەم بەر لەئێستا. چرۆي سەردەمێكي نوێ لە هەموو بوارەكاندا سەري بەرزكردۆتەوە. وەلێ ئەمەیان وەكو رێسایەكي گشتی، هاوكات نابێ ئەوەش لەیاد بكەین " كەجگە لەبووني ئەقڵ و تەكنۆلۆژیاكە" رادەو چۆنیەتي بەكارهێناني تەكنۆلۆژیاكەش. ئاستي بەمەدەني بووني كۆمەڵگەكەدا دەردەخا. واتە چۆنیەتي مامەڵەكردني لەگەڵ تەكنۆلۆژیادا، یەكێك لەو پێوەرە گرنگانەیە كە كۆمەڵگەي مەدەني پێ دەخەمڵێنرێ، چونكە رادەي زاڵبوون و كۆنترۆڵكردني غەریزە سروشتیەكان لەلایەن ئەقڵي مرۆڤەوە وەدەردەخات. هەر كاتێك تەكنۆلۆژیاي سەردەم بەپێچەوانەي مەبەستە سەرەكیەكاني خۆي بەكارهێنرا، لەكەیەك بۆ سەر روخساری كۆمەڵگەي مەدەني دروست دەكات. یەكێك لەسیما دیارەكان گوێزرانەوەی مرۆڤ لەحاڵەتە سروشتیەكەی بۆ حاڵەتي نوێي مەدەني، زاڵبوونیەتي بەسەر غەریزە سروشتیەكاني و بەكارهێنانیەتي بەگوێرەي ئەو پێویستیانەي ژیاني نێو كۆمەڵگە، ئارام و سەقامگیر دەكات. مرۆڤ لەگەڵ یەكەم چركەی وەرچەرخان لەبوونەوەرێكي سروشتیەوە بۆ بوونەوەرێكي كۆمەڵایەتي و مەدەني، لەزۆرانبازی و شەڕێكي سەختدایە لەگەڵ لایەنە غەریزی و سروشتیەكاني خۆي. ئەمەشیان لەپێناو سەپاندني شێوازي نوێي ژیان و هێشتنەوەي بوونەكەیەتی، وەك مرۆڤێك و كەسایەتیەكي دیارو تایبەت بەسەردەم و قۆناغەكەي خۆي. جا رادەو تواناي زاڵبووني بەسەر ئەم غەریزە سروشتیانەدا، رادەو ئاستی مەدەني بووني ئەو مرۆڤە، یاخود بەشێوە كۆگەلیەكەی، ئەو كۆمەڵگەیە وەدەردەخات. كەواتە بەتەنیا تەكنۆلۆژیا بەس نیە، بۆ ئەوەي وەك پێوەرێك بەكاربهێنرێ بۆ گەیشتن، یاخود نەگەیشتنی كۆمەڵگە بەقۆناغي مەدەنیبوون. ئەم دەستەواژەیەش بەشێوەیەكي سەرەكي بەسەر ئەو كۆمەڵگایانە پراكتیزە دەبێت كە هاوردەی تەكنۆلۆژیان، نەك داهێنەرەكەی، چونكە جیاوازییەكي شارستاني گەورە هەیە لەئاستي بیركردنەوەي دروستكەرو بەكاربەردا ! بەلآم لەهەمان كاتدا، هەردوولا بەئاستی پێشكەوتني شارستاني خۆیان، مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت لەبەمەدەني بوون، یاخود بە مەدەني نەبووندا.

– دەربارەي كۆمەڵگەی كوردی، ئەوا وەك بەشێكي هەرە زۆري كۆمەڵگەكاني ئاسیاو ئەفەریقیاو ئەمەریكاي لاتینی، كە ئەگەر بشێت بەجیهاني دواكەوتوویان ناوبەرین، ئەوا بەداخەوە لە بارێكدانیە، ئیرەیي پـــــــــێ ببرێت، كورد وەكـــــــــــو كۆمەڵگایەكي مرۆڤایەتي، بەگوێرەي پێوەرەكاني سەردەم بۆ مەدەنیەت، قۆناغێكي مەدەنیەتي تەواو لەدواوەیە، مرۆڤایەتي قۆناغي پیشەسازي گەورە، خەریكە جێدەهێڵێ و بەرەو سەردەمێكي پێشكەوتووي كۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت دەڕوا، كەچي ئێمە هێشتا قۆناغي كشتوكاڵیمان بەتەواوي نەبڕیوە، ئەمەش لاسەنگیەكي دروست كردوە لەنێوان جۆري بیركردنەوەي مرۆڤي كورد، كە بەشێوەیەكي راستەوخۆ، لەرێگەي ئەو نیمچە ئازادییەي لەكوردستاندا هەیەو زیدەبووني بواري بەكارهێناني كۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتدا كەوتۆتە بن كاریگەري مەدەنیەتي نوێو لەگەڵ ئەو ژێرخان و بنەما ئابوری و كۆمەلآیەتییەي كەتیایدا دەژی ! ئەم دیاردەیەش بەشێكي زۆري مرۆڤي كورد، بەتایبەتي گەنجان ئەوانەي ئاستێكي رۆشنبیریيان هەیە، گرتۆتەوە. بۆیە نامۆبوونێكي دەرووني و شارستاني هاتۆتە ئاراو، باركردن لەزێدونیشتمان و كۆچكردن بەرەو هەندەران برەوي سەندووە، واتە هەنگاونان بەرەو ئەو كۆمەڵگایەي بنەما ئابوری و كۆمەلآیەتیەكەیان زێتر لەگەڵ ئاستي بیركردنەوە، یاخود خەون و خەیاڵەكاني ئەواندا دەگونجێت. ئەم راستەقینەیە نەك بەتەنیا بۆ كورد، بەڵكو بۆ بەشێكي زۆري جیهان و دواكەوتوو، گونجاوو لەبارە ! بەلآم كۆمەڵگەی كوردي جۆرە تایبەتمەندیيەكي زێتري پێوە دیارە، كە وایكردوە، بۆشایي لەنێوان بنەما كۆمەلآیەتیەكان و ئاستە هزرییەكان زۆرترو زەقتر بەرچاو بكەوێت. ئەمەش دیارە لەسۆنگەی نەبووني قەوارەیەكي سیاسي سەربەخۆی كوردی بوو، كە بتوانێ ئەگەر بۆ رادەیەكي كەمیش بێت لەكاتێكي پۆزەتیڤانە بە كۆمەڵگەوە بنێ، بەپێچەوانەوە، بەدرێژایي مێژووی نوێ كۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست كراوەو رێگەي پێشكەوتنی لێگیراوە. تەنانەت تابەر لەراپەڕین بواري ئەوەي بۆ نەرەخساوە هەناسەیەكي مەدەنیانە هەڵمژێ، خەوني گەورەي مانەوەو پاراستني ژیاني خۆي بوە ! ئەمەشیان لەكۆمەڵگەي مەدەني پێویست تر بوە !!! رەنگە ئەو رۆژگارەی چاوەڕێمان دەكات، كورد وەكو كۆمەڵگەیەكي پچرپچڕ زێتر هەست بەباري گراني دواكەوتنەكەی بكات. هاوكات چاڵێكي گەورەي لەبەردەم دایە، واتە لەبەردەم بازدانێكي گەورەدایە لەمەدەنیەتێكەوە بۆ مەدەنیەتێكي ترا! تاوەكو بگاتەوە سەردەمەكەي خۆی، چونكە بەراستی ئێمە لەو گەلانەین كە لەدەرەوەي زەمەني خۆماندا دەژین، هەر

ئەمەشە رەنگە ببێتە جێي مەترسي ئەوەي بۆ جارێكي تريش. لەلايەن مەدەنيەتە نوێكانەوە، واتە لەلايەن ئەو زهێزانەي كەخۆيان بەسەر قەتارى مەدەنيەتي نوىَ لەقەڵەم دەدەن، هەمديس وەكو كێڵگەيەكي تاقيكردنەوە بەكار بهێنرێتەوە !

سەرباري ئەو جۆرە دواكەوتوويەش، دەبينن جۆرە پچرپچڕێك و ناهاوسەنگيەك لەنێوان خودي كۆمەڵگەي كورديدا هەيە، هەموو ناوچەكان بەيەك شێواز و بەيەك رێچكە پێشنكەوتوون. ناوچە هەيە تاوەكو ئێستا لەقۆناغە سەرەتاييەكاني ژياني مرۆڤايەتيدا دەژي، هاوكات ناوچەي تريش هەيە، بەتايبەتي بەشێك لەشارەكان مامەڵە لەگەڵ نوێترين دەستكەوتەكاني مەدەنيەتى نوىَ دەكات ! ئەگەر چي ئەمەيان بۆ كۆمەڵگە پێشكەوتوەكان تا رادەيەك ئاساييە، لەبەر ئەوەي لەهيچ شارستانيەتيەكي مرۆڤايەتيدا رێك نەكەوتوە هەموو كۆمەڵگەكە لەيەك ئاستدا بووبن، بەڵكو هەر كەمينەيەكي داهێنەرۆو پێشكەوتوو نوێنەرايەتي سەردەمەكەى خۆيان كردووە، بەلآم ئەمەيان بۆ كورد، نا ئاساييە، چونكە دەبێت قەرەبووي كەمتەرخەمييە مێژووييەكاني خۆيشي بداتەوە ! بەم چەشنە دەتوانين بڵێين، لەهەموو سەردەمەكاني پێشكەوتني مرۆڤايەتيدا، جياوازييەك هەيە لەنێوان زۆرينەي كۆمەڵگەو ئاستى ئەو كەمينە داهێنەرەي جڵەوى شارستانيەتيەكان لەدەســـــــتدايە. وەلىَ نابێت ئەوەش پشتگوێ بخەين. ئەم جۆرە جياوازييە، كۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پێشكەوتنەكان دروست دەكات، ئەمەشيان بەزەقي و بەڕاشكاوي لە كۆمەڵگەى كوردەوارييدا بەدي دەكرێت. كە لەدواي راپەڕينەوە تازە خەريكە هەنگاوە سەرەتاييەكان دەنێت بۆ دامەزراندني كۆمەڵگەيەكي مەدەني. . . ئەگەر دوژمناني رێگەي بەردەوامبووني لێ نەگرن !!!؟

تێبيني كوردستان نێت:

ئەم نووسينە بير و بۆ چوني خاوەنەكەيەتى، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەى بەرپرسيار نييە.